# عەدنان کەریم: هێشتا نەگەیشتومەتە لوتکە



عەدنان کەریم: خاڵی کۆتایی مردنە، یان نەمانی توانای قوڕگە کە دەنگت تێك بچێت، کە دەنگم تێکچو لەوانەیە خەریکی تابلۆکێشان بم

فۆتۆ: رەوەند جەواد

22کانونی یەکەم, Magazine کوردستان - ر.ش -

**هونەرمەند عەدنان کەریم رایدەگەیەنێت کە هەتا توانای دەنگیی لەقوڕگیدا هەبێت بەردەوام دەبێت لەکاری هونەریی‌و**

**جەختیشیکردەوە کە ئەوەی هونەر، بەرەو سوتان‌و نەمان دەبات "غرور"ە بەوەی هونەرمەند هەست بکات هەموو شتێك دەزانێت، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت هەموو شتێك بزانێت، ئەوە بۆ هونەرمەندو نوسەرو سیاسەتمەداریش راستە، واتە تەمەن بەشی فێربوونی هەموو شتێك ناکات.**

لەدووەم رۆژی جەژنی قورباندا هونەرمەند عەدنان کەریم دەرفەتێکی بۆ گۆڤاری ئاوێنەکان رەخساند کە لەماڵەکەی خۆی
لەشاری سلێمانی گفتوگۆیەکی هونەرییانەی لەگەڵدا ئەنجام بدەن، بۆیە سەرەتا دوای قسەو باسێکی گشتی، بۆماوەی نزیکەی پەنجا
دەقیقە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیمان ئەنجامداو بەوردی باسی لەنێوەرۆکی دوایین ئەلبومی (بادەی گوڵڕەنگ)و ئەلبومو کارەکانی پێشتریشی کرد.
هونەرمەند عەدنان کەریم هەرچەندە بەبنەچە خەڵکی دێی (ژاژڵە)ی سەر بەقەزای شارباژێری شاری سلێمانییە، بەڵام خۆی لەساڵی (1963) لەشاری کەرکوك لەدایکبوەو پاشان خانەوادەکەی گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی‌و هەر لەوێش خوێندنی تەواو کردووەو دەرچوی بەشی نیگارکێشانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە.
عەدنان کەریم لەساڵی 1979ەوە لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانی دەستی بەکاری هونەریی کردووەو ماوەی بیست ساڵیشە لەگەڵ خێزان‌و منداڵەکانی لەشاری ئۆپسالای وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبەن.
ئێمە نامانەوێ زیاتر لەبارەی ئەلبومە نوێیەکەی‌و کارەکانی رابردویەوە قسە بکەین، بەڵکو دەمانەوێ ئێوەی خوێنەر لەخوێندنەوەی چاوپێکەوتنەوە زیاتر ئاشنای کارەکانی ئەم هونەرمەندە ببن.
+ سەرەتا با لەدوایین ئەلبومتەوە دەستپێبکەین بەنێوی (بادەی گوڵڕەنگ) کە هەروەکو لەئەلبومەکەشدا نوسراوە (دەروازەیەك بۆ ناسینی مەقامی کوردی)، چۆن بوو هەستت کرد لەم کاتەدا پێویستە ئەلبومێکی مەقامات بڵاوبکەیتەوە؟
_راستییەکەی ئەمە خەونێکی دێرینی منەو مەبەست لەئەنجامدانیشی ئەوەبوو کە لەژیانی هونەری خۆمدا ئەزمونێکم لەم بوارەدا هەبێت، بۆ من وەك تەحەدایەك دەهاتە پێشچاوم کە ئارەزوم دەکرد ئەنجامی بدەم. هەستم دەکرد تا ئەوکاتەی ئەم ئەزمونەم ئەنجام نەدابوو، کەموکوڕیەکم هەیە، هەستم دەکرد دەبێ ئەزمونی هونەریم دەوڵەمەندتر بکەمو رازی نەبم بەو کەمە شتانەی کردوومن، یان راستر بڵێم لەبێ ئەزمونی مەقامات هەستم دەکرد ئەو شتانەی کردومن زۆر کەمن‌و دەبێ گەورەترو فراوانتریان بکەم. ئەم هەستە تەنها پەیوەندی بەوتن‌و ئەدائەوە نەبوو، بەڵکو وەك تەحەدایەکی رۆشنبیریش دەردەکەوت بۆم. بۆیە دەبوو رۆشنبیریم لەو بوارەدا گەورە بکەم و هەوڵبدەم نەك هەر فێری وتنیان ببم، بەڵکو فیریان ببم و جۆرەکانی بزانم و لێکیان جیا بکەمەوە. بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر لەساڵێك خەریکی ئەو کارانە بوومو هەوڵمدا لەرێگەی مامۆستای گەورە (عەلی مەردان)ەوە فێری مەقامەکان بمو بەپێویستم زانی کە ئەو ئەزمونەش بکەم، ئەوکاتەی دەستیشم پێکرد زانیم کارەکان چەند قورس‌و سەختە، هەر ئەوکاتەش زانیم کە ئێمە سەرچاوەیەکی گەورەی وەك (عەلی مەردان)مان هەیەو دەتوانین زۆر سودی لێوەربگرین، بۆیە کاتێك گوێم لەمەقامەکان دەگرت تێگەیشتم عەلی مەردان مامۆستایەکی گەورەیە، دەزانێت لەو یاساو رێسا گەورانەی کە لەناو مەقامدا دانراوە، چۆن دەچیتە مەقامێکەوە، چۆن بەناو لق‌و پۆپەکانی مقامەکەدا دەگەڕێیت‌و چۆن دێیتە دەرەوە، عەلی مەردان بەشێوازێکی زۆر زانستیانە بەهەموو ئەوانەدا پێیدا رۆیشتوە.
دواتر بەهۆی ئەو گوێگرتنەوە خۆشم فێربووم، چونکە ئێستاش لەقۆناغی فێربوندامو ئەوەشی ئێستا دەیکەم ئەزمونێکە بۆ فێربون، ئەوانەی کە

تۆماریشم کردون تێیدا هەوڵمداوە تەرکیز لەسەر مەقامە رەسەنەکان بکەم وەك (خاوکەرو قەتار خورشیدی، ئەڵڵا وەیسی، ئای ئای) کە مەقامی ناوچەی گەرمیانن‌و ئەو ناوچەیەش رەگوریشەیەکی مێژوویی خۆی هەیەو هەستمکردوە کە ئەو توانایەم هەیە ئەو مقامانە بڵێم، هەر بۆیە هەوڵمداوە بەشێوازێکی زۆر زانستیانەو بەتۆمارکردنێکی باش‌و رێکوپێك ئەنجامیان بدەم‌و ئیشەکان بمێنێتەوە بۆ داهاتوو، هەروەها ببێتە سەرەتایەك بۆ فێربونی گەنجانی کورد بۆ مەقام.

+واتە ئەلبومەکەت بەپێویست زانی بۆ ژیانی هونەریی خۆت، یاخود بۆ هونەری کوردیی، یان هەردووکیان؟

_پێویستییەکە بۆ هەردوکیانە، بۆ مانەوەی ژیانی هونەری خۆم‌و بۆ هونەری کوردیش، هونەرمەند دەبێت زۆر گرنگی بەخۆی بدات، چونکە من ئەگەر شتێك فێر نەبم ناتوانم شتێك ببەخشم، بۆیە بەپێویستیی دەزانم کە خۆم لەپێش هەموو شتێکەوە فێری کارەکان بم‌و فێری مەقام بم ئەو کات ببیەخشم.

+ باست لەوەکرد کە لەبواری مەقامدا هێشتا لەقۆناغی فێربوندایت، وەك دەوترێت لەو بوارەدا سێ جۆر هونەرمەند هەن (مەقامبێژو مەقامزان‌و مەقامناس) خۆت لەکام جۆرەیاندا دەبینیتەوە؟، بۆچی پێتوایە کە هێشتا نەگەیشویت بەهیچ قۆناغێکیان؟

_ کە دەڵێم دەمەوێت فێر ببم ژیانی هونەر هەموی وایە، هەمووی فێربونە، هونەرمەند نابێت وا بزانێ هەموو شتێك دەزانێت، جوانترین سیفەتی هونەرمەند ئەوەیە کە هەست بکات زۆری ماوە فێر ببێت، هەستکردن بەکەمی زانین، هەمیشە پاڵنەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵ‌و خۆتازەکردنەوەدا بێت. بەشێکی زۆر لەپێشکەوتنی هەر هونەرمەندێك پابەندە بەوەی رانەوەستێت‌و هەمیشە هەوڵبدات شتی تازە فێر بێت. ئەمەش روو نادات گەر هەست بەوە نەکات کە جارێ زۆر شت ماوە فێری بێت‌و هێشتا لەسەرەتادایە، هەستکردن بەوەی جارێ لەسەرەتادایت، جارێ تازە دەستت پێکردووەو ئەوەی نایزانیت زۆر زیاترە لەوەی دەیزانیت، هەموو ئەمانە پاڵنەرێکی گرنگن بۆ ئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵ‌و تەقەلادا بێت بۆ ئەوەی فێر بێت‌و ئەزمونی‌و رۆشنبیری خۆی دەوڵەمەند بکات. هەستدەکەم یەکێك لەترسناکترین ئەو شتانەی هونەرمەندو تەنەنات سیاسەتمەدارو نوسەریش بەرەو کوژانەوەو دواکەوتن‌و نەمان دەبات، غرورە. غرور بەو مانەیەی هەست بکەیت هەموو شتێك دەزانیت‌و شتێك نەماوە فێری ببێت.

+تراکی سێیەمی سیدییە نوێیەکەت (ساقیا) کە هۆنراوەی شاعیری گەورە (هێمن)ە کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، چی وایکرد جارێکیتر بیڵێیتەوە؟

_ئەگەر مەبەستت ئەوەیە شیعرەکە وتراوەتەوە، شیعر کە دەنوسرێت هەر هونەرمەندەی بەرۆحو هەستی خۆی ئاوازێکی دەکات بەبەردا. وەك چۆن مرۆڤ دوو جار پێ ناخاتە هەمان روبارەوە، هەرواش دوو هونەرمەند بەهەمان شێوە ناچنە ناو هەمان هونراوەوە. هەموو ئەوانەی ئەو شیعرەیان وتووە، خۆش‌و جوان وتویانە. هونەرمەندی کۆچکردوو کاك حەمە جەزا وتویەتی‌و چەندین هونەرمەندی دیکەش، بەڵام هەریەکەو تام‌و هەستی تایبەتی خۆی هەیە، منیش ئەگەر ئاوازێکم بۆ دانا بێت، بیرم لێکردۆتەوە کە زیاتر وەك بەستەیەکی مەقامی (ئەوشار) بێت، ئەمە بەستەیەکە بۆ ناسینی مەقامەکە واتە تۆ ئەگەر ئەو بەستەیەت وت، ئەگەر بێتوو بەستەکە خاو بکەیتەوە، بەشێوازێك دەتوانیت مقامەکەش بزانیت، ئینجا بۆت دەردەکەوێت ئەو مەقامە ناوی ئەوشارە، واتە زیاتر بۆ ناسینی مەقامەکە ئەو کارەم کردوەو بەبێ هیچ پێشەکییەکی مۆسیقاش وتومە.

+ وەك پێشتر چەند کارێکت لەگەڵ گروپی کامکاران ئەنجامدا، بۆچی لەم کارەشدا نەچویتەوە بۆ لای ئەوان؟

هەموو کارێك دنیاو فەزای خۆی هەیە، من ئەگەر کۆمەڵێك ئاوازو مقامی ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستانم بووتایە واتە مقامی ئەو ناوچەو دەزگایانەی سنە، ئەوا دەچومەوە بۆ لای کامکاران، چونکە ئەوان شارەزاترن لەفەزای ئەو ناوچەیە، بەڵام ئەم مقامە گەرمیانیانە ئەگەر بەئامێرەکانی کامکاران موزیکەکەی لێ بدەی، لەوانەیە ئەوەندە گونجاندن نەبێت بەقەدەر ئەوەی بەکەمانێك گونجاندن زیاتر هەیە. ئەگینا من هەمیشە پەیوەندیم لەگەڵ کامکاران هەیەو خۆشحاڵیشم پێکەوە کار بکەین، زۆرجاریش وا باشە کە چەند کارێکت لەگەڵ گروپێکدا کرد وەستانێکیش بکەیت بۆ ئیشێکی تر بچیتەوە لای ئەوان، چونکە هەندێجاریش گوێی جەماوەر پێویستی بەو گۆڕانە هەیە.

+ ئەلبومی (خاتون) کە ساڵی رابردوو لەگەڵ گروپی کامکاران بڵاوتکردەوە زۆربەی موزیسیانەکان دەڵێن کارێکی ئەکادیمی پرۆفیشناڵی زۆر باشە، بەڵام ئەم کارە لەناو خەڵکدا بەجۆرێکی تر رەنگیدایەوەو هەندێك دەیانوت کارەکانی پێشتری عەدنان کەریم باشتر بوون، بەنمونە دەیانوت زۆربەی گۆرانییەکانی ئەو ئەلبومە وەکو یەك وایە، بۆچونی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟

_ هەستدەکەم هەمیشە یەکێك لەو گرفتانەی دێتە بەردەم کاری تازەی هەر هونەرمەند یان تەنانەت نوسەرێك، ئەوەیە وەرگرەکان کەمێك بەزەحمەت‌و درەنگ شتی تازە وەردەگرن یان چێژی لێدەبینن. هەموو کەسێك عادەتێکی بیستن‌و بینینی هەیە کە پێی راهاتووەو ئەستەمە بەئاسانی بیگۆڕێت، بەڵام من هەستدەکەم بەشێکی گرنگ لەکاری داهێنەرانە ئەوەیە هەوڵبدات ئەو عادەتی بیستن‌و بینینانە بگۆڕێت‌و تازەی بکاتەوە. کاری هونەرمەندە، عادەتەکانی بیستن‌و بینین‌و چێژ وەرگرتن بگۆڕێت‌و وا لەوەرگرانی بکات چێژی ترو شێوازی تر تاقی بکەنەوە. لەبەرئەوە ئاساییە کارێکی تازە، سەرەتا بەئاسانی وەرنەگیرێت‌و کاتی بوێت بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بکاتەوە. زۆر گۆرانی‌و ئاوازی مەزنی دنیا هەیە کە سەرەتا زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێنەکراوە، بەڵام دوایی بووە بە بەشێکی گرنگ لەزەوق‌و سەلیقەی خەڵك. بۆ من تاقیکردنەوەی ئاوازی قورس‌و سەنگین، بەشێکە لەتەحەداکردن بۆ تازەبونەوەی عادەتی بیستنی‌و چێژی نەك هەر گوێگرانی گۆرانیەکانم، بەڵکوبۆ خۆشم. یەکێکم لەو کەسانەی هەمیشە هەوڵدەدەم شێوازەکانی چێژ وەرگرتن‌و بیستنم تازە بکەمەوە. لێرەوە هەمیشە کاتێك دەست بۆ کارێکی تازە دەبەم، پرسیاری سەرەکی لام ئەوەیە چۆن کارێکی تازە یان جیاواز لەوانی پێشوم پێشکەش بکەم، کارێکی جیاواز کە هەم زەوقی بیستنی‌و چێژ وەرگرتنی خۆم بگۆڕێت، هەم گوێگرەکانم.

من هەستدەکەم ئەو کارەی کامکاران کردیان یەکێکە لەکارە هەرە جوانەکان لەمۆسیقای کوردیدا، چونکە ئەو شیعرانەی عەبدوڵا پەشێو لەبەرئەوەی شیعری حوڕ بوون، ئاسان نیە تۆ ئاواز بۆ وشە بەوشەی ئەو شیعرانە دابنێیت، پاشان داڕشتنی مۆسیقایەك بۆ ئەو ئاوازانە دوبارە کارێکی گرانە، دەتوانم ئێستا زۆر بەفەخرەوە "خاتون" ببەم بۆ ئەوروپاو بیدەمە دەست موزیکزانێکی گەورە بڵێم ئەوە مۆسیقای کوردییە، چونکە دەزانم مۆسیقای کوردی لەو ئەلبومەدا گەیشتۆتە حاڵەتی لوتکەو گۆڕانێکی گەورەیە، بەکورتی پێموایە خۆم پێش خەڵك‌و گوێگرەکانم پێویستم بەوە هەیە بەردەوام عادەتەکانی بیستن‌و چێژوەرگرتنم تازە بکەمەوەو ئاسۆی چێژوەرگرتنم گەورە و فروانتر بکەم. ململانێ لەگەڵ (عادەت‌و ڕاهاتن‌و ریتمی باو) بەیەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی هونەرمەند دەزانم. لەخاتوندا هەم لەئاستی شیعرو مۆسیقاو هەم ئاوازو وتندا شتێکی تازە بکەم‌و

ئەزمونێکی تر تاقی بکەمەوە، وەك خۆم لەو کارەم رازیمو نەك هەر خۆشحاڵم پێی، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەم.

+ لەسەرەتای دەستپێکردنت بەکاری هونەریی، بەشاعیرانی نەوەی نوێ دەستت پێکرد، بەڵام ئێستا هەستدەکرێت گەڕانەوەیەك هەیە بۆ لای شاعیرانی کلاسیكو نەوەی پێشتر، هۆکاری ئەوە چیە؟

_ من پرسیارێك لەتۆ دەکەم خۆ "خاتون" شیعری کلاسیك نەبوو، بەڵکو شیعری هاوچەرخ بوو هی د.عەبدوڵا پەشێو بوو، من هەمیشه شیعری کلاسیكو هاوچەرخم تێکەڵکردوە، یەك شت هەیە کە هونەرمەند نابێت سنور بۆ خۆی دابنێت، بڵێت من تەنها یەك جۆر شیعر دەکەم بەگۆرانی، بەڵکو دەبێت هەستی ئەوەندە کراوە بێت بتوانیت هەست بەجوانیو قوڵی لەهەموو شتێکدا بکات. بینینی جوانیو هەستکردن بەڕیتمی وشەکانو چونە ناو قوڵایی کارێکەوە، بەمەرجی سەرەکی بۆ هەر هونەرمەندێك دەزانم. گرنگترین شت ئەوەیە بەحوکمی پێشوەختەوە روونەکەیتە هیچ کارێك، شەڕکردن لەگەڵ حوکم بپێشوەختو دانانی چوارچێوەی کارکردن، بەدوژمنی کاری هونەرمەند دەزانم. هونەرمەند نابێت پێشوەخت بڕیاری دابێت جوانی چیەو لە کوێدایە: لەشیعری تازە یان کلاسیك، لەفولکلۆر یان هۆنراوە، بەڵکو دەبێت ئەوەندە فراوانو کراوە بێت بتوانێت لەهەر یەکێك لەوانەدا جوانیو قوڵی بدۆزێتەوە. من خۆم هەمیشە وا کارم کردووە، حوکمی پێشوەختم نەبووەو هەر شتێکم خوێندبێتەوەو هەستی راکێشابم، بێ ئەوەی بپرسم ئەمە شیعری تازەیە یان کلاسیك، فۆلکلۆرە یان هۆنراوە، راستەوخۆ ئاوازم بۆ داناوەو وتومە. لەم سیدییە نوێیەمدا ئاوازم بۆ یەکێك لەشیعرەکانی (سوارەی ئیلخانی زادە) داناوە کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (گۆران)ی شاعیر شوبهێنراوە، مەبەستم ئەوەیە هەر کاتێك شیعرێك دڵی گرتمو چێژم لێ بینی، حەز دەکەم ئاوازی بۆ دابنێمو بەگۆرانی بیڵێم ئەگەر شیعری کلاسیك بێت یان هاوچەرخ.

+ بۆچی لەئەلبومی (خاتون)دا هەر شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێوت بەکارهێناو پەنات نەبردە بەر شاعیرێکی تر بۆئەوەی تێکەڵییەك دروستبکەیت هەم لەنێوان شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێویشدا؟

_ راستیەکەی ئەوە بەرهەمی گروپی کامکاران بوو، کاك هۆشەنگ کامکار بەتەلەفۆن پێیوتم کۆمەڵێك ئیشمان کردوە بۆ هۆنراوەکانی عەبدوڵا پەشێو، بەڵام هەرچی بیرمان لێکردۆتەوە زۆر هونەرمەند ناتوانێت بەو ئاوازانە بیڵێت، چونکە پێویستی بەکەسێکە لەمۆسیقا بزانێتو ئاوازەکان قورسن، منیش داوای ئاوازەکانم کردو لەگەڵ شیعرەکانی پەشێو بەراوردم کرد، سێ مقامی تێدا بوو کە کامکاران تەنها مۆسیقایان بۆ کردبوو، دەبوایە من شیعرەکەم هەڵبژاردایە، بۆیە بیرم کردەوە کە ئەوانی تر هەموی شیعری عەبدوڵا پەشێون با یەك سیدی هەموی شیعری یەك نوسەرو شاعیر بێت، وابزانم حاڵەتێکی زۆر جوانە مرۆڤ بتوانێت سیدییەك بۆ یەك نوسەر دابنێت، ئەویش هەر ئەزمونێکی نوێ بوو.

+ لەسیدییەکانی پێشترت بەتایبەت لەئەلبومی (ئەمشەو) هەستدەکرێت ریتم خێراترە، بەڵام لەبەرهەمەکانی دواتر ریتم خاوتر دەبێتەوە کە لە(خاتون)دا ئۆرکسترا بەشداری دەکات، ئایا هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبیت یاخود دەکرێت بەو شێوەیەی پێشتریش کار بکەیتەوە؟

بەرهەمی (ئەمشەو) لەگەڵ کامکاراندا بەشێوازی سوننەتی بوو، ئامێرەکانی (ریتمی) زۆر دەوری هەبوو دواتر (وەفایی)یم بەرهەم هێنا کە زیاتر کارەکان ئۆرکێسترا بوو، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە جوانییەکەی لەوەدایە سێ بەرهەمم کردوە هیچیان لەوی تر ناچێ واتە نە (ئەمشەو) لە (وەفایی) دەچێت، نە (وەفایی)یش لە (خاتون) دەچێتو پێشموایە کارێکی باشە، چونکە پێویستە مرۆڤ کارەکانی بەردەوام لەگۆڕاندا بن، کارێکی تریشم بەدەستەوەیە کە کۆمەڵێك هونەرمەند کاریان کردوە وەك (غەمگین فەرەج، فەرهاد محەمەد، کارزان مەحمود، کاوان مەحمود، رێبینی سەنتور، پێدرام کوڕێکی گەنجە لەسوید) ئەمانە کۆمەڵێك ئاوازم پێداون کە دابەشکردنی مۆسیقایان کردوە، ئەمەش ئەزمونێکی دیکەیەو حەزم کردوە چەند گەنجێکی ترکاری تێدا بکەن.

+ ساڵی رابردوو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەکۆمپانیای ئاسیاسێڵ سەبارەت بەزۆربونی بەرهەمەکانت راتگەیاند کە ناتەوێت بوەستی، ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو چەند ئەلبومە لەو ساڵانەی دواییدا کارێکی قورس نەبوو؟

_ دوایین دیوانی شاعیر شێرکۆ بێکەس پێشەکییەکی زۆر جوانی بۆ نوسیوە لەکۆتاییدا دەڵێت "داوا لەمەرگ دەکەم زوو نەیەت، چونکە زۆرم ماوە بیڵێم" من ساڵێکی تر دەبم بەپەنجا ساڵ، مرۆڤ کە دەکەوێتە تەمەنێکەوە هەستدەکەیت کات نامێنێتو دەبێت ئیش بکەیت، کە عیشقیشت هەبوو بۆ کاری خۆت دەبێت ئیش بکەیت، من چەندینجار ئەو شتەم بیستۆتەوە بەتایبەت کە بادەی گوڵڕەنگم بڵاوکردۆتەوەو وتومە کە بەرهەمی دیکەم بەڕێوەیە، زۆر لەرۆژنامەنوسان وتویانە پەلە دەکەیت، بەڵام ئەگەر ئێوە هەست دەکەن پەلەکردنەکە کاریگەری هەیە لەسەر کوالێتی کارەکانم حەقتانە بڵێن پەلە دەکەن، بەڵام ئەگەر خۆم هەمیشە هەوڵبدەم بیر لەوە نەکەمەوە ئەم سیدییەم چۆتە دەرەوەو هەوڵی کارکردنی تر بدەم بەبەردەوام کاربکەم، هونەرمەندێکی شێوەکار کە تابلۆکانی تەواو بوو، تابلۆکان خۆیان داوای ئەوە دەکەن ببرێنە پێشانگایەکەوە پیشانی خەڵکانی بدەن، منیش کاتێك سیدییەکم تەواو بوو بڵاویدەکەمەوەو لەسەر هیچ ناوەستم، ئەوپەڕی من بتوانم دەنگم بەکاربهێنم هەر 10 بۆ 20 ساڵی تر دەبێت، لەبەرئەوە کات نامێنێت دەبێت فریا بکەوم.

+ هەموو هونەرمەندێك لەکاتێکدا دەگاتە لوتکە بڕیار دەدات واز بێنێت لەکارەکەی، بەڵام بەپێی قسەکانی تۆ بێت، جارێ ناوەستیت؟

بەڵام من هێشتا نەگەیشتومەتە لوتکە، بەڵکو جارێ زۆرم ماوە بگەمە لوتکە، بەڵام ئایا بەڕاستی لوتکە هەیە؟ لوتکە بۆ هونەرمەند چیەو کوێیە؟ نازانم! بەس ئەوە دەزانم هەر کەس هەستیکرد گەیشتۆتە لوتکە، هەر ئەو کاتە وەك هونەرمەند دەمرێت. پێموایە کاری هونەرمەند زۆر لەکاری سیزیڤ دەچێت، ئەوکاتەی دەگاتە سەر لوتکەکە بۆ یەك سات نامێنێتەوەو دوبارە بەردەکە دەکەوێتە خوارێو دەبێت لەسەرەتاوە دەستپێبکاتەوە بۆ سەرخستنی بەردەکە. زۆرجار لەگەڵ تەواوکردنی کارێکدا ئەو هەستەم بۆ دێت کە دوبارە گەڕاومەتەوە سەرەتاو دەبێت سەرلەنوێ دەست پێبکەمەوە. بێگومان ئەم کارەش بەشی خۆی تاقەت پڕوکێنە، بۆیە جاری وا هەیە لەمانگێکدا دە جار بڕیار دەدەم واز بێنم (پێکەنین)، جاری واش هەیە دە جار دەڵێم ئەمە دوایین ئیشە ئیتر ئیش ناکەم، بەڵام ناتوانم، ئەمە حاڵەتی هونەرمەندە، بەڵام بڕوا ناکەم بتوانم واز لەهیچ کارێك بهێنم.

+ واتا خاڵێکت دانەناوە لەژیانتدا بڵێیت خاڵی کۆتاییە؟

_ خاڵی کۆتایی مردنە، یان نەمانی توانای قوڕگە کە دەنگت تێك بچێت، کە دەنگم تێکچو لەوانەیە خەریکی تابلۆکێشان بم.

+ دەوترێت سەختترین کار ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی رازی بکات، ئەوە تا چەند لای تۆ وایە؟

_ ئەوە زۆر گرنگە، من کە ئیش دەکەم جاری وا هەبووە ئیشم تۆمارکردوە، مۆسیقاشیان داناوە لەستۆدیۆدا بوە گەیشتۆتە ئەوەی کە گوێی لێبگرم، دە جار وتومەتەوەو هەستمکردوە بەڕۆحیەتێکەوە نەموتوە کە بتوانم خۆم رازی بکەم، وتومە ئەم کارە واز لێ بێنن، بەڵام جاری وا

هەبووە بەیەکجار لەستۆدیۆ وتومەو کە گوێم لێگرتوە وتومە ئەمە ئەوەیە شەرحی دڵی خۆم دەکات، هەر ئەوەشە کە دەوترێت تۆ شتێکت بەدڵ وت، دڵ دەپێکێ.

+ وەك دەزانیت بارو گوزەران لەئەوروپا سەختە، دەمانەوێت بزانین چەند کات دەدەیت بەبواری هونەرەکەت بۆ ئەوەی کاربکەیت؟

_ رۆژ کەوتوە، رۆژی وا هەیە لەبەیانیەوە کاردەکەم تاکو یانزەی شەو، رۆژی واش هەبوو چومەتە ستۆدیۆ دوو سەعات ئیشم بۆ کراوەو وازم لێهێناوە، چونکە ئەگەر توانیم خشتە بۆ کاری هونەریی دابنێم، وا بزانم لەهونەر دەردەچێتو دەبێت بەپیشە.

+ کەواتە تۆ هونەرت نەکردوە بەپیشە؟

_ کە دەڵێم پیشە، دارتاشێك دەچێتە سەر کار لەکاتژمێر هەشتەوە دەچێت بۆ هەفتەی داهاتوو دەبێت چوار قەنەفە تەواو بکات، من ئاوا نەمکردوە بەپیشە، بەڵکو لەناو رۆحی خۆمدا کاردەکەم، بیر لەوە ناکەمەوە دەبێت ئەوەندە سەعات کاربکەم تا ئەوەندە بەرهەمم هەبێت، چ کاتێك ئارەزوم هەبوو کاردەکەم، جاری وا هەیە لەکاتی خەودا ئاوازێك دێت بەمێشکمدا هەڵدەستم تۆماری دەکەم.

+ لەکاتێکدا دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان بواری ئەوەت بۆ هەڵدەکەوێت بەو شێوەیە کاربکەیت؟

_ نا لێرە زۆر کەمترە، پەیوەندە کۆمەڵایەتیەکان هێندە زۆرە ناتوانیت بەهەندێك شت را بگەیت.

+ کەلتورو کەشوهەوای کوردستانو ئەوروپا کامیانت بەلاوە خۆشترە بۆ ئیشکردن؟

_ هەندێکجار سەیرکردنی بازنەیەك لەدەرەوە جوانترە وەك ئەوەی خۆت لەبازنەکەدا بیت.

+ گرفتێکی هونەرمەند لەڕوی ماددییەوەیە بۆ بەرهەمی هونەریی، ئایا قەد ئەو گرفتەت هاتۆتە پێش؟

_ ئەو شتانە قۆناغە، لەسەرەتادا کە ئیشێکم دەکرد پەنام دەبردە بەر هاورێکانم پارەم بدەنێ بەقەرز بۆئەوەی دوایی کارەکە بیفرۆشمەوەو پارەکەیان بدەمەوە، کە چومە سوید خۆم فێری تۆمارکردن کرد بۆئەوەی بەردەوام بم، دەمزانی کە پارەی ناو ستۆدیۆ زۆر گرانە، لەبەرئەوە کۆرسێکم وەرگرت وەك ئەندازیاری دەنگ، بەو شێوەیە دەستم بەتۆمارکردنی بەرهەمەکانم کرد، واملێهات چەندین کارمکرد، بەڵام بۆ چاپکردنی، دوبارە داوام لەهاورێکانم کرد، ئیتر دوای ناسراوبون لای گوێگران، ئەلبومت دەفرۆشێو دەتوانی لەگەڵ کۆمپانیاکان گرێبەست بکەیت، ئێستاش گەیشتومەتە ئاستێك کە پێویستم بەوە نییە بچمە لای کەسێك گلەیی بکەم کە پارەم نییە، بەڵکو ئێستا هەمە.

+ هۆکاری چیبوو لەم سیدییەی دواییدا گرێبەستت لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەك نەکرد؟

ئەوەش ئەزمونێکی دیکە بوو بۆئەوەی بزانم چۆن دەفرۆشرێتو ئاستەنگەکانی بڵاوکردنەوەی چۆنە، لەوانەیە بیر لەوە بکەمەوە کە لەم قۆناغەدا پەنا بەرمە بەر جۆرێکی دیکە بۆئەوەی زیاتر قازانج بکەم، چونکە منیش حەزدەکەم گۆرانیبێژێك بم سەرمایەم هەبێت بۆئەوەی لەوحاڵەتەشدا یارمەتی لێبدەم، بەڵام جارێ نەگەیشتومەتە ئەوەی بڵێم سەرمایەدارم.

+ رۆژنامەنوسان بەردەوام گلەیی دەکەن کە زۆر بەکەمی چاوپێکەوتن دەکەیت، گرفتت لەگەڵ رۆژنامەنوسان چیە؟

_ فریا ناکەوم، چونکە رۆژنامەنوسان زۆرن.

+ شارەزای چەند ئامێریت؟

_ پیاو شەرم دەکات بڵێ شارەزامو دەیزانم، بەڵام عود دەژەنم.

+ ئەگەر بپرسین خێزانەکەت چەند هاوکاریت دەکات لەبواری کارەکەتدا؟

_ هەمیشە هاوکارم بوو لەهەموو ژیانی هونەریم.

+ چەند وێنەیەك دەبینین کاری خۆتە؟ بەینت لەگەڵ شێوەکاریدا ماوە؟

+ هەندێجار ئەویش تاقیدەکەمەوە بەڵێ حەزم لێیە، چونکە دنیای تابلۆکێشان دنیایەکی زۆر عەجیبە بەقەدەر گۆرانی وتن چێژی لێ دەبینم.

+ منداڵەکانت هیچیان حەزیان لەبواری هونەر نییە؟

_ خۆیان سەربەستن چی هەڵدەبژێرن، کوڕەکەم حەزی لەگرافیكو دیزاینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی فێری گیتار کردوە، کورەکەی تریشم هەروایە، بەڵام رشتەی خوێندنەکەیان جیاوازە، کچەکەشم حەزی لەگۆرانی وتن دەکرد، بەڵام گۆرانی بیانیو ئێستا هەر سەرقاڵی خوێندنی خۆیەتی.

**ئا: پشتیوان جەمال، رەوا بورهان**